# وەڵامدانەوەی

# ١٣

# گومانی گۆڕپەرستان

١٣ شبهة للقبوريين والجواب عليها

نووسینی: عبدالله بن حمید الفلاسي

**وەرگێڕ: زریان سەرچناری**

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ، والصلاة والسلام على رسول الله، أمابعد:

**باش بزانە ڕەحمەتی خوامان لێبێت، ڕێگاڕاستەکەی خوای گەورە، چەندین ناحەز و دوژمنی هەیە، ئیتر دژایەتی ئەو ڕێبازە ڕاستە دەکرێت بە شێوەیەکی لێزانانە و دەیانەوێت بەرپەرچی بدەنەوە بە زانیاری ناڕاست و گومان و بەڵگەی بێبنەما(١).**

**بۆیە پێویستە لەسەر هەموو موسوڵمانێکی ژیر خۆی شارەزابکات لە ئایینەکەی و خۆی پڕچەك بکات بە زانیاری شەرعی تاکو بتوانێت بەرهەڵستی ئەو دوژمنانەی پێ بکات و لە ناویان بەرێت کە پێشەوا و سەرکردەکەیان شەیتانە، وەك لە قورئانی پیرۆزدا ئاماژەی پێکراوە کە هەڕەشەی کردووە لە ڕێبوارانی ڕێگای ڕاست، خوای گەورە باسی ئەو ڕوداوەمان بۆ دەکات و دەفەرموێت:** ﴿ قَالَ فَبِمَآ أَغْوَيْتَنِي لَأَقْعُدَنَّ لَهُمْ صِرَٰطَكَ ٱلْمُسْتَقِيمَ ﴿١٦﴾ ثُمَّ لَءَاتِيَنَّهُم مِّنۢ بَيْنِ أَيْدِيهِمْ وَمِنْ خَلْفِهِمْ وَعَنْ أَيْمَٰنِهِمْ وَعَن شَمَآئِلِهِمْ وَلَا تَجِدُ أَكْثَرَهُمْ شَٰكِرِينَ ﴿١٧﴾ ﴾[الأعراف]

واتە: گوتی: چونکە لە ڕێت لا دام، منیش بۆیان ڕۆدەنیشم، ڕاستە ڕێی تۆیان لێ دەگرم، ئەوسا لە پێش و پاشەوە بۆیان دەچم، ڕاست و چەپیشیان لێ دەگرم؛ جا دەبینی زۆرینەیان شوکرناکەن.

**سوپاس بۆ ئەو خوایەی کە بڕیاری داوە تەنها سەربازانی خۆی سەربخات لە هەردوو دنیادا، بە بەکارهێنانی بەڵگە و زمان، هەروەها بە شمشێر و ڕم و چەکی زەمان.** (بِالْحُجَّةِ وَاللِّسَانِ و السَّيْفِ وَالسِّنَانِ) **بەڵام تەنها ترسی ئەوە هەیە کە موسوڵمانی یەکخواناس(**مُوَحِّد**) ڕێگای ڕاست بگرێتەبەر بەبێ توێشو، وەخۆی پڕچەك نەکات بەزانیاری شەرعی، هەرچەندە خوای گەورره لە وەسفی قورئاندا دەفەرموێت:** ﴿تِبْيَٰنًا لِّكُلِّ شَيْءٍ وَهُدًى وَرَحْمَةً وَبُشْرَىٰ لِلْمُسْلِمِينَ ﴿٨٩﴾ ﴾ [ النحل]

**واتە:** هەموو شت ڕوون دەکاتەوە و ڕێنوێنی و دڵۆڤانی و مژدەیە بۆ موسوڵمانان.

**بۆیە ئەوانەی کە گومان بۆ موسوڵمان دروست دەکەن و کە گومان و بەڵگەی بێبنەما دەهێننەوە بۆ خەڵکی، خوای گەورە لە قورئاندا گومانەکانیان پوچەڵ دەکاتەوە و بەدرۆیان دەخاتەوە، خوای گەورە دەفەرموێت:** ﴿وَلَا يَأْتُونَكَ بِمَثَلٍ إِلَّا جِئْنَٰكَ بِٱلْحَقِّ وَأَحْسَنَ تَفْسِيرًا ﴿٣٣﴾ ﴾ [الفرقان]

---

(١) ئەم نوسراوە پوختەی کتێبی (كَشْفُ الشُّبُهاتِ)ـە (شيخ محمد التميمي)ـی، ڕەحمەتی خوای لێبێت، وە تێهەڵکێش کراوە لەگەڵ شەرحەکەی (شيخ محمد العثيمين) بە شێوەیەکی وا کە بگونجێن بەیەکەوە. نووسەر

واتە: ئەگەر ئەوان نەزیلانت بۆ دێننەوە، ئێمە ڕاستیت بۆ دێنین و [نەزیلەیەکی] پڕ ماناتر لە ئی ئەوان .

**نمونەی ئەو کەسانەش، بیدعەچی و گومڕاکانن لە گۆڕپەرستەکان، ئەوانەی کە ئاییني پوختی خوای گەورەیان وازلێهێناوە و شەریکیان بۆ خوای گەورە بڕیارداوە و پیاوچاکان و پێغەمبەرانیان**(علیهم السلام) **گەیاندۆتە هاوتا و هاوشانی خوای گەورە، جا ئەو کەسانە گومانی زۆریان پێیە وەکو بەڵگە بەکاریان دەهێنن، ئێمەش بۆ وەڵام دانەوەی گومانەکانیان دوو شێواز بەکار دەهێنین، وەڵامی کورت و پوخت و وەڵامی دورودرێژ.**

## وەڵام دانەوەیان بە کورتی

( الجواب المجمل )

**خوای گەورە دەفەرموێت:**﴿ هُوَ ٱلَّذِيٓ أَنزَلَ عَلَيۡكَ ٱلۡكِتَٰبَ مِنۡهُ ءَايَٰتٞ مُّحۡكَمَٰتٌ هُنَّ أُمُّ ٱلۡكِتَٰبِ وَأُخَرُ مُتَشَٰبِهَٰتٞۖ فَأَمَّا ٱلَّذِينَ فِي قُلُوبِهِمۡ زَيۡغٞ فَيَتَّبِعُونَ مَا تَشَٰبَهَ مِنۡهُ ٱبۡتِغَآءَ ٱلۡفِتۡنَةِ وَٱبۡتِغَآءَ تَأۡوِيلِهِۦۖ وَمَا يَعۡلَمُ تَأۡوِيلَهُۥٓ إِلَّا ٱللَّهُۗ وَٱلرَّٰسِخُونَ فِي ٱلۡعِلۡمِ يَقُولُونَ ءَامَنَّا بِهِۦ كُلّٞ مِّنۡ عِندِ رَبِّنَاۗ وَمَا يَذَّكَّرُ إِلَّآ أُوْلُواْ ٱلۡأَلۡبَٰبِ ٧ ﴾ [ آل عمران]

واتە: هەر ئەویشە ئەم کتێبەی بۆ تۆ بە خەڵات ناردووە، کە لەوێدا ئایەتگەلێکی پتەو هەن کە ماکن بۆ کتێبەکە؛ تیشیدایە وەک یەک دەچن و مانای جۆراوجۆر هەڵدەگرن. ئەو کەسانەی دڵی دەغەزداریان هەیە، هەر ئەوانە حەز لێ دەکەن کە خەڵکی پێ هەڵ دەخەڵەتێ و هەرچۆنی دڵیان دەیەوێ مانایان لێک دەدەنەوە کە غەیرەز خوا نایانزانن. ئەو کەسانەش کە زۆر زانان، ئەڵێن: بڕوامان پێ هەیە و ئەمانە گش لە پەروەرندەمانڕایە و غەیرەز ئەو دڵ وشیارانە، بە وردی بیر ناکەنەوە.

**وە لە فەرموودەی پێغەمبەردا**ﷺ **هاتووە کە دەفەرموێت:** (إِذَا رَأَيْتُمُ الَّذِينَ يَتَّبِعُونَ مَا تَشَابَهَ مِنْهُ فَأُولَئِكَ الَّذِينَ سَمَّى اللَّهُ فَاحْذَرُوهُمْ) (رواه مسلم).

**واتە: هەرکەسێکتان بینی شوێن ئایەتە لێکچووەکان کەوتبوو، ئەوە ئەو کەسانەن کە خوای گەورە ناوی بردون، ئاگاداریان بن و خۆتانیان لێ بپارێزن.**

**ئەوەتا پێغەمبەرمان**ﷺ **ئاگادارمان دەکاتەوە لەو کەسانەی کە شوێن ئایەت و فەرموودە لێکچووەکان دەکەون، وە دەیانەوێت حەق و ڕاستی پێ داپۆشن و ناحەقی پێ بگۆڕن بە حەق، ئەو جۆرە کەسانە خوای گەورە ناویانی هێناوە و وەسفی کردون بۆمان بە:** ﴿فَأَمَّا الَّذِينَ فِي قُلُوبِهِمْ زَيْغٌ﴾ ئەو کەسانەی دڵی دەغەزداریان هەیە.

**هۆکاری ئەو ئاگادارکردنەوەیەی پێغەمبەریشﷺ ئەوەیە کە ترساوە ئەو جۆرەکەسانە گومڕامان بکەن و لە خشتەمان بەرن، و ڕێگای ڕاستمان لێ هەڵە بکەن بە شوێن کەوتنی لێکچووەکان، بۆیە ئاگاداری کردوینەتەوە لە خۆیان و لە شوێنکەوتنی ڕێبازەکەیان.**

# وەڵام دانەوەی گومانکانیان بەدرێژی

(الجواب المفصل)

## گومانی یەکەم :

**دەڵێن: ئێمە هاوبەش بۆ خوا بڕیار نادەین، وە شایەتی دەدەین کە هیچ کەسێك بەدیهێنەر و ڕۆزیدەر نییە، وە هیچ کەسێ ناتوانێت سود و زیان بگەیەنێت بە خەڵك الله نەبێت، تەنها و بێ هاوەڵە، وە شایەتی دەدەین کە موحەممەدﷺ نێردراوی خوایە و ناتوانێت هیچ سود و زیانێك تەنانەت بۆ خۆیشی دابین بکات، بەڵام لەبەر ئەوەی ئێمە تاوانبارین، وە پیاوچاکان خاتریان هەیە لەلای خوا، بۆیە ئێمە لە ڕێگەی ئەوانەوە داوا لە خوا دەکەین.**

## وەڵامی گومانی یەکەم:

**بزانە ! ئەو کەس و تاقمانەی کە پێغەمبەرﷺ دەجەنگا لە دژیان، وە سەروماڵی حەڵاڵ کردبوون، دانیان دەنا بەو ڕاستیەدا، وە دانیشیان دەنا بەوەدا کە (بت)ـە کانیان هیچیان بە دەست نییە، بەڵکو تەنها بەکاریاندەهێنان لەبەر ئەوەی کە خاتریان هەیە لەلای خوا وە بۆ ئەوەی کە بیانکەنە نێوانێك لە بەینی خۆیان و خوای گەورەدا و شەفاعەتیان بۆ بکەن، بەڵام داننانیان تەنها بەوەی کە یەك خوا هەیە و تاکو تەنهایە هیچ سودێکی پێ نەگەیاندن.**

چونکە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَمَآ أَرۡسَلۡنَا مِن قَبۡلِكَ مِن رَّسُولٍ إِلَّا نُوحِيٓ إِلَيۡهِ أَنَّهُۥ لَآ إِلَٰهَ إِلَّآ أَنَا۠ فَٱعۡبُدُونِ ٢٥﴾ [الأنبياء]

واتە: بەرلە تۆش ئێمە هەر پێغەمبەرێکمان نارد، ڕامان سپارد، کە: هیچ پەرستوویێک بەغەیرەز من نییە و هەر تەنیا من بپەرستن.

**هەروەها دەفەرموێت:** ﴿وَمَا خَلَقۡتُ ٱلۡجِنَّ وَٱلۡإِنسَ إِلَّا لِيَعۡبُدُونِ ٥٦﴾ [ الذاريات]

**واتە:** من هەربۆیە جندۆکە و مرۆم دروس کرد، بمپەرستن .

وە دەفەرموێت: ﴿ شَهِدَ ٱللَّهُ أَنَّهُۥ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ وَٱلْمَلَٰٓئِكَةُ وَأُو۟لُوا۟ ٱلْعِلْمِ قَآئِمًۢا بِٱلْقِسْطِ ۚ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ٱلْعَزِيزُ ٱلْحَكِيمُ ﴿١٨﴾ ﴾ [ آل عمران]

واتە: خودا بۆ خۆی ئاگادارە و فرشتەکانی ئەویش و زانایانی بە ئینسافیش باش دەزانن کە هیچ کەسێ غەیرەز خودا، شیاوی پەرستنێ نییە و هەر خۆیەتی بە دەستەڵاتی لەکارزان .

وە دەفەرموێت: ﴿وَإِلَٰهُكُمْ إِلَٰهٌ وَٰحِدٌ ۖ لَّآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ٱلرَّحْمَٰنُ ٱلرَّحِيمُ ﴿١٦٣﴾﴾ [البقرة]

واتە: خودای ئێوە هەر خودای تاک و تەنیایە. بەغەیرەز ئەو هیچ شت بۆ پەرستن ناشێ؛ هەر بۆ خۆشی دهەندەیە و دلۆڤانە.

**وە هەروەها دەفەرموێت:** ﴿فَإِيَّٰىَ فَٱعْبُدُونِ ﴿٥٦﴾﴾ [العنكبوت] **واتە:** هەر تەنیا من بپەرستن.

**وە چەندین ئایەتی تریش کە بەڵگەن لە سەر ئەوەی دەبێت تەنها الله بپەرسترێت و جگە لە الله کەسی تر نەپەرسترێت و هاوبەشی بۆ بڕیار نەدرێت، نەك تەنها دانبنرێت بە دەستەڵات و هەبونی خوادا.**

## گومانی دووەم :

**دەڵێن: ئەو ئایەتانەی کە لە سەرەوە باسکران، خوای گەورە دەربارەی (بت)پەرستەکان ناردویەتیە خوارەوە، بەڵام ئەوانەی کە ئێمە دەیانکەین بە نێوان لە بەینی خۆمان و خوادا، ئەولیا و پیاوچاکانن، کە جیاوازیەکی زۆریان هەیە لە گەڵ (بت)ـە کاندا.**

## وەڵامی گومانی دووەم:

**بزانە ! هەرکەسێك شتێکی تر بپەرستێت جگە لە الله، مانای وایە شەریکی بۆ بڕیار داوەو کەواتە هەروەك وایە (بت)ـی پەرستبێت، ئیتر چ جیاوازیەك هەیە لە نێوان پەرستنی(بت) و پەیکەر و پێغەمبەران ؈ و پیاوچاکاندا، کە هەر بکرێت بە هاوتا و هاوبەشی خوای گەورە.**

**وە لەپێش هاتنی ئیسلامدا بێباوەڕەکان هەندێکیان هاواریان دەکردە (بت)ـە کان، وە هەیان بوو کە هاواری دەکردە پیاوچاکان، بەڵگەش بۆ ئەوەی کە هەندێکیان هاواریان دەکردە پیاوچاکان ئەو فەرمایشتەی خوای گەورەیە کە دەفەرموێت:** ﴿ أُو۟لَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ يَدْعُونَ يَبْتَغُونَ إِلَىٰ رَبِّهِمُ ٱلْوَسِيلَةَ ﴿٥٧﴾ ﴾ [ الإسراء]

واتە: ئەو کەسانەی ئەوان هانایان پێ دەبەن، کامانیانە نزیکترن، بە دووی هۆدا دەگەڕێن کە بگەن بە پەروەرێنیان.

وە بەڵگـەش بـۆ ئـەوەی کـە هەنـدێکیان پێغەمبـەرانیانυ دەپەرسـت، ئـەو ئایەتەیـە کـە باسـی پەرستنی(عیسای کوڕی مەریەم) دەکاتυ لەلایەن گاورەکانەوە، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَإِذۡ قَالَ ٱللَّهُ يَٰعِيسَى ٱبۡنَ مَرۡيَمَ ءَأَنتَ قُلۡتَ لِلنَّاسِ ٱتَّخِذُونِي وَأُمِّيَ إِلَٰهَيۡنِ مِن دُونِ ٱللَّهِۖ ١١٦﴾[المائدة]

واتـە: ئەو کـاتەش کە خـودا گـوتی: ئەرێ عیسـای کـوڕی مەریەم! تـۆ گوتـووتە بەو مەردمە –غەیرەز خودا– دەبێ ئێوە من و دایکم وەک دوو خودا بپەرستن؟

وە تیایاندا هەبووە کە مەلائیکەتیان پەرستووە، بەبەڵگەی ئەو ئایەتەی کە خوای گەورە دەفـەرموێت: ﴿وَيَوۡمَ يَحۡشُرُهُمۡ جَمِيعٗا ثُمَّ يَقُولُ لِلۡمَلَٰٓئِكَةِ أَهَٰٓؤُلَآءِ إِيَّاكُمۡ كَانُواْ يَعۡبُدُونَ ٤٠﴾ [السبأ]

واتــە: لەوڕۆژەدا کە هەمـوان کۆدەکـاتەوە، ئەوسـا بەفریشـتان ئێـژێ: ئـاخۆ ئەمـانە ئێوەیـان پەرستوە؟

بە بەڵگەی ئەو ئایەتانەی سەرەوە ئەو بۆچونەیان پوچەڵ دەبێتەوە کە گوایە موشریکەکانی سـەردەمی پێغەمبەرﷺ تەنها (بت)یان پەرستبێت، بەڵام ئەمان تەنها هاوار دەکەنە پێغەمبەرانυ و پیاوچـاکان، ئـەم گوتەیەمان لە دوو لایەنەوە دەسەلمێنین:

**یەکـەم:** ئـەو بۆچـونەیان ڕاسـت دەرنەچـوو کـە گوایـە موشـریکەکانی ئـەو سـەردەمە تـەنها (بت)یـان پەرستووە، بەڵکو تیایاندا هەبووە کە پێغەمبەران و پیاوچاکانیان پەرستووە.

**دووەم:** ئەگەر وامان دانا کە هاوەڵدانەرانی سەردەمی پێغەمبەرﷺ، تـەنها (بت)یـان پەرسـتبێت، ئـەوە لەو حاڵەتەیشدا هیچ جیاوازیەك نییە لە نێوانیاندا چـونکە هـەردوولایان شـتێکیان پەرسـتووە کـە شـایەنی پەرستن نین و هیچ سودێکیان پێ ناگەیەنێت.

کەواتە بەم شێوەیە زانیمان کە خوای گەورە هەرکەس (بت)ــی پەرسـتبێت بـە بێبـاوەڕ نـاوی هێنـاوە، هەروەها ئەوانەش کە پیاوچاکانیان پەرستبێت هـەر بـە بێبـاوەڕی نـاوی بـردون و پێغەمبـەرﷺ لـە دژیـان جەنگاوە، وە پەرستنی پێغەمبەرانυ و پیاوچاکان بۆیان نەبووە بە بەڵگە و سودی پێ نەگەیاندوون.

## گومانی سێ یەم:

دەڵێن: کافر و بێباوەڕەکان بۆیە (بت)یان دەپەرسـت بـۆ ئـەوەی سـودیان پـێ بگـەیێنێت و زیانیـان لـێ دوربخەنەوە، بەڵام ئێمە هیچ شتێك لەو دووانە داواناکەین تەنها لـە ﷲ نـەبێت، وە پیاوچـاکان هیچیـان بـە دەست نییە، تەنها ئێمە وەکو شەفاعەتکارێك بەکاریان دەهێنین، وە لە ڕێگەی ئەوانەوە لـە خـوای گـەورە نزیك دەبینەوە.

## وەڵامی گومانی سێیەم:

**بزانە ! ئەو گوتەیەیان کتومت لـە گوتـەی بێباوەڕەکـانی ئەوسـا دەچـێت، وەك خـوای گـەورە ئاگـاداری کردوینەتەوە چونکە ئەوانیش دەیانگوت:** ﴿وَٱلَّذِينَ ٱتَّخَذُواْ مِن دُونِهِۦٓ أَوۡلِيَآءَ مَا نَعۡبُدُهُمۡ إِلَّا لِيُقَرِّبُونَآ إِلَى ٱللَّهِ زُلۡفَىٰٓ ﴿٣﴾ ﴾ [الزمر]

واتە: ئەو کەسانەی کە بە جێ ئەو گەورەگەلێکیان بۆ خۆیان دیوەتەوە، ئێژن: ئێمە هەر بۆیە دەیانپەرستین، لە خوا نزیکمان کەنەوە.

**هەروەها دەفەرموێت:** ﴿هَٰٓؤُلَآءِ شُفَعَٰٓؤُنَا عِندَ ٱللَّهِۚ ﴿١٨﴾ ﴾ [ یونس] **واتە:** دەشڵێن ئەمانە لای خـودا بۆمان دەبن بە تکاکار.

## گومانی چوارەم :

**دەڵێن: ئێمە جگە لە** ﷲ **هیچی تر ناپەرستین، وە ئەوەی ئێمە دەیکەین لە هاوارکردنە پیاوچاکان و هانا بردن بۆیان، عیبادەت و پەرستن نییە.**

## وەڵامی گومانی چوارەم:

**بزانە ! کە خوای گەورە پیویستی کـردووە لـە سـەرمان بـە تـەنها ئـەو بپەرسـتین و دڵسـۆزی تـەواومان هەبێت لە پەرستنیدا و ئەو پەرستنەشی کردووە بە مافی خۆی بـە سـەرمانەوە، چـونکە خـوای گـەورە بـە بەندەکانی خـۆی دەفـەرموێت:** ﴿ٱدۡعُواْ رَبَّكُمۡ تَضَرُّعٗا وَخُفۡيَةًۚ إِنَّهُۥ لَا يُحِبُّ ٱلۡمُعۡتَدِينَ ﴿٥٥﴾﴾ أي المشركين. [الأعراف]

واتە: بە نهێنی و بە سەرکزی هەر پەروەرندەو لە بیر بێ و لە بەری بپاڕێنەوە. خودا ئەوانەی خۆش ناوێ کە لە ڕێگەی ئەو لا دەدەن.

**هەروەها پێویستە ئەوەش بزانین کە دوعا و نزا و پاڕانەوەش هەر خواپەرستین، ئیتر کە زانیمـان دوعـا و پاڕانەوە خواپەرستین کەواتە پاڕانەوە لە هەر شتێك جگـە لـە** ﷲ (شرك)**ـە واتـە هاوەڵبڕیاردانـە بـۆ ئـەو خوایەی کە تەنها خۆی شایستەی ئەوەیە کەلێی بپاڕینەوە و بەندایەتی بۆ بکـەین و چـونکە** ﷲ **خوایـەکی تەنها و بێ هاوەڵە.**

**جـا کـەزانیمان دوعـا و پاڕانـەوە بەندایەتیـە، وە شـەو و ڕۆژ لـە خـوای گـەورە پاڕاینـەوە بـەترس و ئومێدەوە، بەڵام ئەگەر تەنها بۆ یەك پێویستی لە شتێکی تر جگە لـە** ﷲ **بپاڕێینـەوە وەك پێغەمبـەرانυ و پیاوچاکان و مەلائیکەت و جنۆکە و ئەستێرە و بەرد و دار، ئەوە هاوەڵمان بۆ خوا بڕیارداوە لە پەرستندا.**

بۆ نمونە خوا گەورە دەفەرموێت: ﴿فَصَلِّ لِرَبِّكَ وَٱنْحَرْ ۝٢﴾ [الكوثر]

واتە: سا تۆ بۆ پەروەرندەی خۆت نمێژ و قوربانی بکە.

ئیتر ئەگەر گوێڕایەڵی خوای خۆمان بین ئەوا لە فەرمانی دەرناچین و تەنها سەربڕین و قوربانی بۆ ئەو ئەنجام دەدەین، وە ئەگەر هەر ئاژەڵێکمان سەربڕی بۆ هەر دروستکراوێك لە دروستکراوەکانی خوای گەورە وەك پێغەمبەرانυ و جنۆکە و شتانێکی تر جگە لەوان، ئەوە هاوەڵمان بڕیارداوە و پەرستنمان بۆ جگە لە الله ئەنجام داوە.

وەکو لە پێشدا باسمان کرد، هاوەڵبڕیاردەرانەی سەردەمی پێغەمبەریشﷺ، کە لە فریشتە و پیاوچاکانیان و (لات و عوززا) دەپاڕانەوە، سەرجەم پەرستنەکانیان بۆ ئەوان نەبوو بەڵکو تەنها لە پاڕانەوە و هانابۆبردن و ئاژەڵ سەربڕین و هەندێك شتی تر لەو بابەتانەدا دەیانکردن بە هاوەڵی خوای گەورە، وە دانیاندەنا بەوەدا کە بەندەی (الله)ن و لە ژێر چاودێری ئەودان، وە باش دەیانزانی کە تەنها الله سەرپەرشتیکارە و ڕوداوەکان هەڵدەسوڕێنێت، بەڵام لە شتانێکی تر جگە لە خوا دەپاڕانەوە و هانایان بۆ دەبردن لەبەر ئەوەی کە خاوەنی ڕێزن لەلای خوا و داوای شەفاعەتیان بۆ بکەن، ئەمەش زۆر بەڕونی لە ئایەتەکاندا دیارە.

## گومان ی پێنجەم:

دەڵێن: ئێوە ئەی یەکخواپەرستەکان بەم گوتانەتان نکوڵی لە هەبونی شەفاعەت دەکەن بۆ پێغەمبەرﷺ.

## وەڵامی گومانی پێنجەم:

بزانە ! ئێمە بەهیچ شێوەیەك نکوڵی لە هەبونی شەفاعەتی پێغەمبەرﷺ ناکەین و بەدرۆی نازانین، بەڵکو لەلای ئێمە پێغەمبەرﷺ (الشافع المشفع )ـە وە داواکارین لە خوای گەورە کە بەر شەفاعەتی پێغەمبەرمان بخاتﷺ، بەڵام لە بنەڕەتدا شەفاعەت هەمووی بۆ خوایە وەك دەفەرموێت:

﴿قُل لِّلَّهِ ٱلشَّفَٰعَةُ جَمِيعًا ۝٤٤﴾ [الزمر:٤٤] واتە: بێژە: تکا – سەرلەبەر – هەر بۆ خودایە.

وە کەس ناتوانێت کە شەفاعەت بکات تەنها بە ڕەزامەندی خوای گەورە نەبێت، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿مَن ذَا ٱلَّذِى يَشْفَعُ عِندَهُۥٓ إِلَّا بِإِذْنِهِۦ ۝٢٥٥﴾ [البقرة]

واتە: کێی وا هەیە هەتا – بۆ خۆی ئیزنی نەدا – بتوانێ تکای لا بکا؟

وە هەروەها ناتوانرێت شەفاعەت بۆ هیچ کەسێك بکرێت تاکو شایەنی ئەوە نەبێت و خوای گەورە ڕێگە نەدات بەوەی کە شەفاعەتی بۆ بکرێت، بە بەڵگەی ئەو ئایەتەی کە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَلَا يَشۡفَعُونَ إِلَّا لِمَنِ ٱرۡتَضَىٰ ﴿٢٨﴾﴾ [الأنبياء]

واتە: هەر کەسێ خۆی ڕەزای نەبێ، ناتوانن تکای بۆ بکەن.

وە سوپاس بۆ خوا بە بەڵگەی چەندین ئایەت و فەرموودە، خوای گەورە ڕازی نابێت کە پێغەمبەرﷺ شەفاعەت بۆ هیچ کەسێك بکات تەنها موسوڵمانی (مُوَحِّدْ) واتا یەکخواپەرست نەبێت. چونکە ئەگەر بەناوی ئیسلامەوە هەردینێکی تر دابتاشین و بە پێچەوانەی دینی حەقەوە دینداری بکەین ئەوە بە دڵنیاییەوە خوای گەورە وەری ناگرێت و پێی ڕازی نابێت :

﴿ وَمَن يَبۡتَغِ غَيۡرَ ٱلۡإِسۡلَٰمِ دِينٗا فَلَن يُقۡبَلَ مِنۡهُ ﴿٨٥﴾﴾ [آل عمران]

واتە: هەرکەس جگە لە دینی ئیسلام هەردینێکی تر هەڵبژێرێت، ئەوە لێی وەرناگیرێت.

ئیتر کە زانیمان شەفاعەت تەنها بەدەست خوای گەورەیە وە هیچ شەفاعەتێك ناکرێت تەنها لەسەر ڕەزامەندی خۆی نەبێت، وە پێغەمبەران و پیاوچاکانیش ناتوانن شەفاعەت بۆ کەسێکی تایبەتی بکەن تاکو خوای گەورە خۆی ڕێیان پێ نەدات، وە ڕێگە نادات کە شەفاعەت بکرێت تەنها بۆ خەڵکی(مُوَحِّد) یەکخواپەرستەکان نەبێت، کەواتە ئەی موسوڵمان تەنها داوای شەفاعەت لە الله بکەو بڵێ: خوایەگیان لە شەفاعەتی پێغەمبەرﷺ بێ بەشم مەکە، خوایەگیان بەو شێوەیەم لێ بکە شایستەی شەفاعەتی پێغەمبەربمﷺ، و ە هەردوعایەکی تر لەو شێوەیە.

## گومانی شەشەم:

دەڵێن: خوای گەورە شەفاعەتی بەخشیوە بە پێغەمبەرﷺ، کەواتە ئێمە لەو شەفاعەتە داوادەکەین لە پێغەمبەرﷺ کە خوای گەورە پێی بەخشیوە.

## وەڵامی گومانی شەشەم :

بزانە ! ڕاستە خوای گەورە شەفاعەتی بەخشیوە بە پێغەمبەرﷺ بەڵام نەهی کردووە کە ئێمە لەو بپاڕێینەوە، بە بەڵگەی ئەو ئایەتەی کە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿فَلَا تَدۡعُواْ مَعَ ٱللَّهِ أَحَدٗا ﴿١٨﴾﴾ [الجن]

واتە: دەگەڵ خودا، هاواری کەسی تر مەکەن.

وە ئەوەش بزانە کە ڕاستە خوای گەورە مافی شـەفاعەتکردنی بەخشـیوە بـە پێغەمبـەرﷺ، بـەڵام بـەو شێوازەی کە ناتوانێت شەفاعەت بکات تاکو خوای گەورە خۆی ڕێـی پێنـەدات، وە هـەروەها پێغەمبـەرﷺ ناتوانێـت سـەربەخۆ شـەفاعەت بـۆ هـیچ کەسـێکی دیـاری کـراو بکـات هـەتاکو خـوای گـەورە ئـەو کەسـە بەشایستەی شەفاعەت نەزانێت، وە ڕون و ئاشکرایە هەرکەسێك (مُشْرِك) بێت و هـاوەڵ بـۆ خـوا بڕیاربـدات ئەوا هەرگیز شایستەی شەفاعەتی پێغەمبەرﷺ نیـە، بەڵگـەی ئـەم گوتەیـەمان ئەوەیـە کـە خـوای گـەورە دەفەرموێت: ﴿وَلَا يَشْفَعُونَ إِلَّا لِمَنِ ٱرْتَضَىٰ ﴿٢٨﴾﴾[الأنبياء]

واتا: هەر کەسێ خۆی ڕەزای نەبێ، ناتوانن تکای بۆ بکەن.

ئەوەش بزانە کە خوای گەورە جگە لە پێغەمبەرﷺ مافی شـەفاعەتی داوە بـە مەلائیکـەت و کۆرپـەی لـە بارچوو، وە ئەولیا و پیاوچاکانیش، جا ئایا ئێمە بۆمان هەیە لە هەموو ئەوانە بپاڕێینەوە؟

بە کورتی ئەگەر دەتەوێت پێغەمبەرﷺ شەفاعەتت بۆ بکـات، ئـەم دوعایـە بخوێنـە و لـە خـوای گـەورە بپـاڕێرەوە کـە بـەر شـەفاعەتی پێغەمبـەرت بخـات (اللهم شَفِّعْ فيَّ نَبيَّك محمداًﷺ) چـونکە ئەگـەر داوای شەفاعەتی پێغەمبەرﷺ بکەیت و ڕاستەوخۆ لە خۆی بپاڕێیتەوە، ئەوە تەرخانکردنی دوعایـە بـۆ جگـە لـە خوا، کە دەبێت بە(شِرْكُ الأَكْبَر) واتە هاوەڵدانانی گەورە کە موسوڵمان بەو کارەی لە دین دەردەچێت، خوا پەنامان بدات.

## گومانی حەوتەم:

دەڵێین ئێمە هەرگیز شەریك بـۆ خـوا دانـانێین، وە هانـابردن و پشـت بەسـتن بـە پیاوچـاکان دروسـتە و هاوەڵبڕیاردان نییە.

## وەڵامی گومانی حەوتەم:

بزانە کە خوای گەورە (شیرك) واتـە هاوەڵبڕیـاردانی لـە گـەڵ زینـا دا حـەرام کـردووە، وە خـوای گـەورە هەرگیز لە شیرك خۆش نابێت، کەواتە دەبێت بزانین هاوەڵبڕیاردان چییە؟

لەبەرئـەوەی ئـەوان نـازانن هاوەڵبڕیـاردان چییە؟ وە دەڵـێن داواکردنـی شـەفاعەت لـە پێغەمبـەرﷺ هاوەڵبڕیاردان نییە! ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە هێشتا لە هاوەڵبڕیاردان تێنەگەشـتوون کـە خـوای گەورە ناوی بردووە بە ستەمی هەرەگەورە: ﴿إِنَّ ٱلشِّرْكَ لَظُلْمٌ عَظِيمٌ ﴿١٣﴾﴾ [لقمان]

واتە: شەریک بۆ خودا بڕیاردان، ناهەقییەکی زۆر مەزنە.

موسوڵمانی یەکخواپەرست! تۆش پێیان بڵێ، جا کە ئێوە نازانن هاوەڵبڕیاردان چییە؟ ئیتر بۆچی بە هانابردنتان بۆ پیاوچاکان و کردەوەکانی ترتان دەڵێن هاوەڵبڕیاردان نییە! چونکە حوکمدان بەسەر بابەتێکدا دوای ئەوە دەبێت کە زانیاریت هەبێت لە سەری، ئێوە کە دەڵێن ئێمە شیرکمان نەکردووە، وە ناشزانن هاوەڵبڕیاردان چییە! ئەوە حوکم دانێکە بەبێ زانیاری، بۆیە ئەو حوکمەتان ڕەد دەکرێتەوە و وەرناگیرێت.

ئەی باشە بۆچی ناپرسن هاوەڵبڕیاردان چییە و چۆنە؟ کە ئەویش خوای گەورە حەرامی کردووە وەك و زینا و پیاوکوشتن و کارە حەرامەکانی تر، وە بڕیاری داوە لە هەموو تاوانێك خۆش ببێت جگە لە هاوەڵبڕیاردان، وە بڕیاری داوە کە خاوەنەکەی بخاتە دۆزەخەوە و بەهەشتی لێ حەرام کردووە، ئایا ئێوە وادەزانن کە خوای گەورە هاوەڵبڕیاردانی حەرام کردووە لەسەر بەندەکانی و بەجوانیش بۆی ڕون نەکردونەتەوە کە هاوەڵبڕیاردان چییە؟ ئەوە زۆر دورە لە کارە پڕ حیکمەتەکانی خوای گەورەوە.

## گومانی هەشتەم :

دەڵێن : شیرك تەنها بت پەرستنە، خۆ ئێمە بت ناپەرستین.

## وەڵامی گومانی هەشتەم:

بزانە! بت پەرستەکان بیروبڕوایان وانەبوو کە بتەکانیان بەدیهێنەر و ڕۆزی دەر و هەڵسوڕێنەری ئەو کەسانەن کە لێیان دەپاڕێنەوە، تەنانەت لە قورئاندا ئەم ڕاستیەی تێدایە و ئەو کەسانە بەدرۆدەخاتەوە کە وا دەڵێن.

چونکە لەڕاستیدا (بت) پەرستی واتە کەسێك ڕوبکاتە بەردێك یان دارێك یا گۆڕێك و جگە لەمانە، لێی بپاڕێتەوە و ئاژەڵی بۆ سەربڕبڕێت و بڵێت بەهۆی ئەو پەرستراوانەوە لە خوای گەورە نزیك دەبینەوە و بە هۆیانەوە خوای گەورە ناخۆشیەکانمان لێ دوور دەخاتەوە یان داواکاریەکانمان دەهێنێتە دی.

ئایا گۆڕپەرستەکان ئەوکار و کردەوانەی کە ئێوە دەیکەن لەلای گۆڕ و ئەو مەزار و جێگایانەی کە دروست کراون لەسەر گۆڕەکان، ئەوا هەمان کاروکردەوە نییە کە (بت) پەرستەکان پێشتر کرویانە؟ و کردەوەکانتان وەکو ئەوان وانی یە؟.

ئیتر بۆ داکۆکی لە خۆتان دەکەن و دەڵێن: تەنها (بت) پەرستی شیرکە، وە مەبەستتان ئەوەیە کە شیرك تەها تایبەتە بە (بت) پەرستنەوە، یاخود دەتانەوێت بڵێن شیرك پشت بەستن و هانا بردن بۆ پیاوچاکان و پاڕانەوە لێیان ناگرێتەوە؟

ئەم گوتەیەتان لە قورئاندا بەڕونی بەرپەرچ دراوەتەوە، چونکە لە قورئاندا ئەوانەی کە لـە بەندایـەتی کردنیاندا خۆیان پەیوەست کردووە بە مەلائیکەت یان پێغەمبەرانU یـان پیاوچـاکان، بـە بێبـاوەڕ نـاوزەد کراوون.

## گومانی نۆیەم:

دەڵێن: ئەو موشریکانەی کە قورئان باسیان دەکات شایەتی نادەن بە تاك و تـەنهایی خـوای گـەورە لـە پەرستندا و ناڵێن: (لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ) وە پێغەمبەریانﷺ بەدرۆدەخستەوە و نکۆڵیان لـە زیندوبونـەوە کـردووە و قورئانیان بەدرۆزانیوە و بە سیحریان داناوە، بەڵام ئێمە دەڵێین: (أَشْهَدُ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ وَأَنَّ مُحَمَّدًا رَسُولُ اللَّهِ) وە قورئان بەڕاست دەزانین و بڕوامان بەزیندوبونەوە هەیە وە نوێژدەکـەین و ڕۆژودەگـرین، ئـیتر چـۆن وەکـو ئەو موشریکانە سەیرمان دەکەن.

## وەڵامی گومانی نۆیەم:

بزانە کە زانایانی ئیسلام کۆکن لەسەر ئەوەی هەرکەسێك نکۆڵی لە بەشێکی کەمی دیـنی ئیسـلام بکـات ئەوە وەك ئەوە وایە کە هەمووی بەدرۆبخاتەوە، وە هەرکەسێك باوەڕی بەتەنها پێغەمبەرێك نەبێتU ئەوە وەك ئەوایە کە بڕوای بـە هـیچ پێغەمبـەرێك نـەبێتU، چـونکە خـوای گـەورە دەفـەرموێت: ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ يَكۡفُرُونَ بِٱللَّهِ وَرُسُلِهِۦ وَيُرِيدُونَ أَن يُفَرِّقُواْ بَيۡنَ ٱللَّهِ وَرُسُلِهِۦ وَيَقُولُونَ نُؤۡمِنُ بِبَعۡضٖ وَنَكۡفُرُ بِبَعۡضٖ وَيُرِيدُونَ أَن يَتَّخِذُواْ بَيۡنَ ذَٰلِكَ سَبِيلًا ﴿١٥٠﴾ أُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡكَٰفِرُونَ حَقّٗاۚ ﴿١٥١﴾﴾[النساء]

واتـا: ئەو کەسـانەی دڵیـان دژی خـوا و پێغەمبەرەکـانیەتی و دیـارە دەیـانەوێ لە نێوان خـوا و پێغەمبەرەکانی فەرقێ دانێن، ئێژن: ئێمە باوەڕ بەهێندێکیان دەکەین، هێندێکیشیان بە جێگەی باوەڕ نازانین؛ گەرەکیانە لەم نێوانە ڕێگەیەک بۆ خۆ پەیدا کەن. بە ڕاستی کە ئەمانە خودانەناسن.

هەروەها دەربارەی بەنی ئیسرائیلەکان دەفەرموێت: ﴿أَفَتُؤۡمِنُونَ بِبَعۡضِ ٱلۡكِتَٰبِ وَتَكۡفُرُونَ بِبَعۡضٖۚ فَمَا جَزَآءُ مَن يَفۡعَلُ ذَٰلِكَ مِنكُمۡ إِلَّا خِزۡيٞ فِي ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَاۖ وَيَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِ يُرَدُّونَ إِلَىٰٓ أَشَدِّ ٱلۡعَذَابِۗ ﴿٨٥﴾ ﴾ [البقرة]

واتا: ئـاخۆ ئێـوە بە هێنـدێ لە نـاوەرۆکی کتێبەکەو بڕوا دەکەن، لە هێنـدێکی حاشـا دەکەن؟ هەر کەس لەنگـۆ ئەوە بکـا دیـارە لە ژیـانی دنیـادا ڕیسـوا دەبـێ و لەو دنیاشـا زۆر بە تونـدی ئـازار دەدرێ.

کەواتە هەرکەسێك دانبنێت بە تاکێتی خوا و شایەتمان بهێنێت بەڵام نکۆڵی واجب بونی نوێژ بکـات هـەر کافرە، وە هەرکەسێك دان بنێت بە یەکخواپەرسـتی و واجبـێتی نوێـژدا بـەڵام نکـۆڵی واجـب بـونی زەکـات بکات ئەوە پێی کافر دەبێت، وەهەر کەسێك دان بنێت بەوانەی سەرەوەدا و تەنها نکـۆڵی لـە واجـب بـونی

ڕۆژو بکات ئەوە کافرە، وە هەرکەسێك بڕوای بە هەمو ئەوانە هەبێت تەنها نکۆڵی لە واجب بونی حەج بکات ئەو کافرە، بەڵگەش لەسەر ئەوە ئەو ئایەتەیە کە دەفەرموێت: ﴿وَلِلَّهِ عَلَى ٱلنَّاسِ حِجُّ ٱلْبَيْتِ مَنِ ٱسْتَطَاعَ إِلَيْهِ سَبِيلًا ۚ وَمَن كَفَرَ – يعني من كفر بكون الحج واجباً أوجبه الله على عباده – فَإِنَّ ٱللَّهَ غَنِىٌّ عَنِ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿٩٧﴾﴾ [آل عمران]

واتا: خودا حەجی بڕیار داوە بۆ هەر کەسێ کە بۆی بلوێ. هەر کەسێکیش حاشا بکا، خوا لە هەموو خەڵکی دنیا بێ نیازە.

وەهەر کەسێکیش بڕوای بە هەموو ئەوانەی سەرەوە هەبێت تەنها زیندوبونەوە بە درۆبخاتەوە ئەوە بێباوەڕە بە کۆڕای زانایانی ئیسلام. بە بەڵگەی ئەو فەرمایشتەی خوای گەورە کە دەفەرموێت: ﴿زَعَمَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓاْ أَن لَّن يُبْعَثُواْ ۚ قُلْ بَلَىٰ وَرَبِّى لَتُبْعَثُنَّ ثُمَّ لَتُنَبَّؤُنَّ بِمَا عَمِلْتُمْ ۚ وَذَٰلِكَ عَلَى ٱللَّهِ يَسِيرٌ ﴿٧﴾﴾ [التغابن]

واتا: ئەوانەی خوایان نەناسی، پێیان وا بوو هەرگیز زیندوو ناکرێنەوە. بێژە: ئارێ سوێند بە پەروەرندەی خۆم، بێ سۆ زیندوو دەکرێنەوە؛ پێشتان ئێژن کە چکارێکتان کردووە و ئەمەش لای خودا هاسانە.

جا ئەگەر دانتنا بەمەدا، ئەوا بزانە کە یەکخواپەرستی گەورەترین واجبە کە پێغەمبەرﷺ بۆی هێناوین و خوای گەورە فەرمانی پێکردووە، وە زۆر گرنگ ترە لە نوێژ و زەکات و ڕۆژو و حەجیش، ئیتر چۆن دەگونجێت ئەگەر کەسێك نکۆڵی لە هەریەکێك لەوانەی سەرەوە بکات پێی بێباوەڕ ببێت، هەرچەندە سەرجەم فەرمانەکانی تر ئەنجام بدات کە پێغەمبەرﷺ هێناویەتی؟ کەچی ئەگەر نکۆڵی بکات لە یەکخواپەرستی و تەوحید کە ڕێبازی سەرجەم پێغەمبەرانە پێی بێباوەڕ نەبێت؟ پاکو بێگەردی بۆ خوای تاکوتەنها لەو نەزانییە!

ئاخر ئەوەی کە نکۆڵی دەکات لە یەکتاپەرستی و بەرپەرچی دەداتەوە بێباوەڕبونی ڕون و ئاشکرایە جوان دیارە.

ئەوەتا هاوەڵانی پێغەمبەرﷺ لەگەڵ هۆزی (بَنِي حُنِيفَةَ) دا جەنگان، لە کاتێکدا موسوڵمانیش ببوون وە دەیان گوت: (أَشْهَدُ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ وَأَنَّ مُحَمَّدًا رَسُولُ اللَّهِ) وە بانگیان دەدا و نوێژیان دەکرد، تەنها ئەوەبوو پیاوێکیان خستبووە هاوتا و هاوشانی پێغەمبەرﷺ!

ئەی ئایا دەبێت حاڵی ئەوانەی ئێستا چی بێت کە دروستکراوێکی خوای گەورە دەخەنە ڕێزەی خودای باڵادەستی زەوی و ئاسمانەکان؟ ئایا ئەوانە شایستەترنین بەو حوکمە؟!

وە ئەو کۆمەڵەی کە (علي کوڕی ئەبوتالیبτ) لەناوی بردن، خۆ هەمویان موسوڵمان بون و هاوڕێ و هاوەڵی (علي کوڕی أبو طالب) بوون، وە زانیاری شەرعیان لە سەحابەکانەوە وەرگرتبوو، بەڵام

گومڕاییەکەیان لەوەدا بوو کە زیادەڕەویان کرد لە بەرزکردنەوەی پلەی (عەلی)دا$\Psi$ تاکو گەیاندیانە پلەی خوایەتی، وەك ئەو کۆمەڵانەی تر کە بیروباوەڕیان وابوو دەرحەق (یوسف)و (شَمْسَان) "کەس بوون قەبرەکانیان دەپەرستران" وە هاوشێوەکانیان.

باشە خۆ ئەو کۆمەڵە موسوڵمان بون ئەدی چۆن ئەسحابەکان بە کافریان دانان و لەناویان بردن. ئایا وا گومان دەبەن کە سەحابەکانی پێغەمبەرﷺ موسوڵمانانیان بەکافر دادەنا. ئایا وادەزانن پاڕانەوە لە (الحسين) و (البدوي) و هاوشێوەکانیان زەرەر لە ئیمان نادات بەڵام پاڕانەوە لە (عەلی $\Psi$) زیانبەخشە و خاوەنەکەی پێ کافردەبێت؟.

هەروەها هەموو زانایان یەکڕان لەسەر کافر بونی (بني عبيد القداح) ئەو هۆزەبون کە مەغریب و مسریان لە ژێردەستابوو، خۆ دەشیان گوت: (أَشْهَدُ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللهُ وَأَنَّ مُحَمَّدًا رَسُولُ اللهِ) وە جومعە و جەماعەتیشیان دەکر وە لاف موسوڵمانێتیشیان لێدەدا بەڵام ئەو کارانەیان نەبوون بەرێگر لەبەردەم موسوڵمانانی ئەو کاتەدا کە حوکمی هەڵگەڕاوە (الردة)بدەن بەسەریاندا.

کاتێك هەندێك شتیان لێدەرکەوت کە پێچەوانەی بروباوەڕی موسوڵمانانیان پێدەکرد، بۆیە موسوڵمانەکان لە دژیان جەنگان و چی وڵاتی موسوڵمانان لە ژێر دەستیاندا بوو ئازادیان کرد و پاکیانکردەوە لێیان.

جا ئەگەر موسوڵمانانی پێشو کەسیان بە کافر دانەنایە هەتاکو سەرجەم شێوازەکانی کوفری تیاکۆدەبێتەوە ئیتر بۆچی لە بابەتی حوکم دان بەسەر هەڵگەڕاوەدا(باب حكم المرتد) باسی جۆرەکانی کافربونیان نووسیوە؟ هەرکەس هەرجۆرێك لە جۆرەکانی کوفر بکات پێی کافردەبێت، تەنانەت شتی زۆر وردیشیان بۆباس کردوین، وەك گوتنی وشەیەکی کوفر با لە دڵیشیەوە نەیڵێت، یان وشەیەکی کوفر بەلایەنی گاڵتەو گەپەوە بکات، جا ئەگەر کافر بون بەهەر یەکێك لە لایەنەکانی کافر بوون نەیەتەدی چونکە خاوەنەکەی لەلایەنەکانی تری دینەوە کەم و کوڕی نییە ئیتر باس کردنی بەشەکانی کافر بون و لە دین هەڵگەڕانەوە هیچ سودێکی نابێت.

بۆ نمونە خوای گەورە حوکمی کافربونی دا بەسەر ئەو دوڕووانەدا کە وشەی کافربون بەدەمیاندا‌هات، هەرچەندە لەگەڵ پێغەمبەردا بونﷺ و نوێژیان دەکرد و زەکاتیان دەدا و حەجیان دەکرد و جیهادیان دەکرد و بەزمان شایەتمانیان دەهێنا، ئەوەتا خوای گەورە دەربارەیان دەفەرموێت: ﴿ يَحْلِفُونَ بِاللَّهِ مَا قَالُوا وَلَقَدْ قَالُوا كَلِمَةَ الْكُفْرِ وَكَفَرُوا بَعْدَ إِسْلَامِهِمْ ﴿٧٤﴾ ﴾ [التوبة]

واتە: سوێندئ دەخۆن کە بە خودا ئەوەیان نەدرکاندووە؛ کەچی قسەی خودانەناسانەیان کرد دیارە لە پاش موسوڵمان بوون لە دین پەشیوان بوونەوە.

**هەروەها خوای گەورە حوکمی کافر بونی دا بەسەر ئەو دوڕوانەدا کە تەنانەت بە گاڵتەوە شتێکیان بە پێغەمبەروﷺ هاوەڵانی گوت:** ﴿قُلْ أَبِاللَّهِ وَءَايَٰتِهِۦ وَرَسُولِهِۦ كُنتُمْ تَسْتَهْزِءُونَ ﴿٦٥﴾ لَا تَعْتَذِرُوا۟ قَدْ كَفَرْتُم بَعْدَ إِيمَٰنِكُمْ ﴿٦٦﴾﴾ [التوبة]

واتە: بێژە: ئاخۆ گاڵتەو بە خوا و پێغەمبەری خودا دەکرد؟ داوای لێ بووردنێ مەکەن؛ ئێوە لە پاش بڕواهێنان بوونە دژی ئیسلامەتی.

**وە بەڵگەی زۆر هەیە لەسەر ئەوەی جاری واهەیە کەسێك بەبێ ئەوەی خۆی بزانێت شتێك دەڵێت پێی کافردەبێت، وەك بەنی ئیسرائیلیەکان کە لە دوای ئیمان هێنانیان و هەستان بەکردەوەی چاك کەچی بە (موسى)یان گوت**υ: ﴿قَالُوا۟ يَٰمُوسَى ٱجْعَل لَّنَآ إِلَٰهًا كَمَا لَهُمْ ءَالِهَةٌ ﴿١٣٨﴾﴾، **هەروەها گوتەی هاوەڵە بەڕێزەکانی پێغەمبەرمانﷺ کە گوتیان** (إجْعَلْ لَنا ذاتُ أنواطٍ كما لَهُمْ ذاتُ أَنواطٍ) **ئیتر پێغەمبەرﷺ فەرموی:** سُبْحانَ اللهِ هذا كما قالَ قَومُ موسى[قَالُوا۟ يَٰمُوسَى ٱجْعَل لَّنَآ إِلَٰهًا كَمَا لَهُمْ ءَالِهَةٌ ](والَّذي نَفْسي بِيَدِهِ لَتَرْكَبُنَّ سُنَّةَ مَنْ كانَ قَبْلَكُمْ). **ئەم دوو بەسەرهاتەش بەڵگەن لەسەر ئەوەی کە هەردو پێغەمبەر**(موسى) **و** (محمد)**یش** (عليهما الصلاة والسلام) **زۆر بەتوندی بەرپەرچی ئەو گوتانەیان داوەتەوە.**

## گومانی دەیەم:

**دەڵێن ئەو گوتەیەی کە نەوەی ئیسرائیل بە موسایان گوت**υ ﴿ٱجْعَل لَّنَآ إِلَٰهًا كَمَا لَهُمْ ءَالِهَةٌ ﴿١٣٨﴾﴾ **وە ئەو گوتەیەی کە ئەسحابەکان بە پێغەمبەریان گوت**ﷺ: (إجْعَلْ لَنا ذاتُ أنواطٍ كما لَهُمْ ذاتُ أَنواطٍ) **خۆ پێی کافر نەبوون.**

## وەڵامی گومانی دەیەم:

**سەحابەکان وە هەروەها نەوەی ئیسرائیل لەپاش ئەوەی کە پێغەمبەرەکانیان بەرپەرچیاندانە ئیتر وایان نەگوتەوە، چونگە گومانی تێدانییە ئەگەر لەدوای ئەو ڕوداوەش وایان بگوتبایە پێی کافر دەبوون، وە هەروەها سەحابەکانیش ئەگەر بەگوێی فەرمانی پێغەمبەریانﷺ نەکردایە و هەر بەردەوام بونایە ئەوا کافردەبون.**

## گومانی یازدەیەم

**دەڵێن : لە حەدیسدا هاتووە کە پێغەبەری خوا ئینکاری لە ئوسامەی کوڕی زەید کرد کە هەرکەس گوتی** (لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ) **نابێت لەدوای ئەوە بیکوژێت، هەروەها لە فەرموودە تردا هاتووە کە پێغەمبەرﷺ**

دەفەرموێت: (اِمِرْتُ أن اقَاتِلَ النَّاسَ حَتَّى يَقُولُوا : لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ) واتا فەرمـانم پێکراوە دژی خەڵک بجەنگم تـاکو دەڵـێن هـیچ پەرسـتراوێک شایسـتەی پەرسـتن نـیە الـلە نەبێت. وە فـەرمودەی ترمـان زۆرە لەوبارەیەوە کە هەرکەس شایەتومانی هێنا نابێت بکوژرێت.

## وەڵامی گومانی یازدەیەم:

پێغەمبەری خواﷺ لەدژی جولەکە جەنگاوە وە بە دیلیشی گرتوون، لەگەڵ ئەوەشدا دەیـانگوت (لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ) وە لەدوای ئەویش هاوەڵان جەنگان دژی هۆزی (بَنِي حُنِيفَة) کە شایەتمانیان دەهێنا و نوێـژیانـدەکرد و ڕۆژوشیان دەگرت و پێشیان دەگوترا موسوڵمان. وە ئەو کۆمەڵەی کە علی کوڕی ئەبوتالب لەنـاوی بـردن هەر شایەتومانیان دەهێنا.

وە هەروەها هەرکەسێك نکۆڵی لە زیندوبونەوە بکات پێی کافر دەبێـت و دەبێـت بکوژرێـت، هەرچـەندە شـایەتومانیش بێنێـت، هەرکەسـێکیش نکـۆڵی لـە یـەکێك لـە پایـەکانی ئیسـلام بکـات پێـی کـافر دەبێـت هەرچەندە شایەتمانیش بێنێت.

باشە چۆن شایەتمان هەڵدەوەشێتەوەو سودی نامێنیٚ بۆ خاوەنەکەی ئەگەر نکۆڵی لە یەکێك لە فـەرعی دین بکات، کەچـی سـود دەگەیـەنێت بەخاوەنەکـەی ئەگـەر نکـۆڵی لـە تەوحیـد بکـات کـە بنـەمای ئـاینی سەرجەم پێغەمبەرانە.

دەربارەی ئەو فەرمودەیەش کە ئوسامەی کوڕی زەیـد دوای یـەکێك لـە هاوەڵپەیداکەرەکان دەکـەوێت ئـەویش دەڵێـت (لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ) کەچـی ئوسـامە هـەر دەیکوژێـت، ئـەوە لەبـەر ئـەوەبووە کـە وای زانیـوە بـە دڵسۆزی و لە دڵەوە نەیگوتووە تـەنها بـۆ خۆدەربـازکردن گوتویـەتی، (پاشـان پێغەمبـەرﷺ سەرزەنشـتی دەکـات لەسـەر ئـەو کـارەی) ئـەم ڕوداوە نابێـت بـە بەڵگـەی ئـەوەی ئـیتر هەرکەسـێك گـوتی (لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ) موسوڵمانە و کوشتنی دروست نییە، بەڵکو بەڵگەی ئەوەی تێدایە کـە هەرکەسـێك گـوتی (لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ) وازی لیٚ دەهێنرێت پاشان تەماشای دەکرێت تا ڕون دەبێتەوە کە ڕاسـت دەکـات یـان نـا، بەڵگـەشمان بـۆ ئـەم وتەیە ئـەو ئایەتەیـە کـە خـوای گـەورە دەفـەرموێت: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِذَا ضَرَبۡتُمۡ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ فَتَبَيَّنُواْ ﴿٩٤﴾ ﴾ [النساء]

واتــە: ئەی گەلـی خـاوەن بـاوەڕان! ئێـوە وەختـێ بـۆ خەزا بە ڕێـدا دەڕۆن، هەمـوو شـتێک لێکدەنەوە.

فَتَبَيَّنُواْ واتە: (فتثبتوا)، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت ئەگەر یـەکێك بـە زمـان شـایەتمانی هێنـا و بـەکردەوە پێچـەوانەی بنـەماکانی ئیسـلام دەجولایـەوە، ئـەوە پێویسـتە بـە گـوێرەی کردەوەکـەی مامەڵـەی لەگـەڵ

دەکرێت و دەکوژرێت، جا ئەگەر بەگوێرەی کردەوەی خۆی نەبوایە ئەوا لەو ئایەتەدا کە دەفەرموێت ﴿فَتَبَيَّنُوٓاْ﴾ ئەو ڕونکردنەوەیە هیچ سودێکی نەدەبوو.

وە ئەو فەرمودەیەی پێغەمبەریشﷺ کە دەفەرموێت: ( أُمِرْتُ أن اقَاتِلَ النَّاسَ حَتَّى يَقُولُوا : لاَ إله إلاَّ الله) وتای فەرمودەکە ئەوەیە کە هەرکەس گوتی (لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ) پێویستە وازیلێبهێنرێت تاکو حاڵی ڕوندەبێتەوە، چونکە خوای گەورە دەفەرموێت ﴿فَتَبَيَّنُوٓاْ﴾ چونکە ئەگەر گومانکرا لە ئیسلامەتی یەکێك ئەوە پێویست بەو وردبونەوەیە دەکات، بەڵام ئەگەر زانرا تەنها بۆ خۆ پاراستن لە کوشتن دەیڵێت و هیچی تر ئەوا ئیتر پێویست بە ورد بونەوە و بەدواداچون ناکات چونکە خۆی حاڵی خۆی ڕون کردۆتەوە.

وە ئەوەش بزانە هەر ئەو پێغەمبەرەی کە بە ئوسامەی گوت: کابرات کوشت سەرەڕای ئەوەی شایەتمانییشی هێنا؟ وە فەرمویەتی فەرمانم پێکراوە لەگەڵ خەڵك بجەنگم تاکو دەڵێن: (لا إله إلا الله وأن محمداً رسول الله) هەر ئەو پێغەمبەریە کە فەرمانی داوە بەکوشتنی خەواریجەکان، وەفەرمویەتی: (أَيْنَمَا لَقِيتُمُوهُمْ فَاقْتُلُوهُمْ). واتە: لەهەر شوێنێك بینیتانن دەست بەجێ بیانکوژن.

لەگەڵ ئەوەشدا خەواریجەکان نوێژیان دەکرد و زیکریان دەکرد و قورئانیان دەخوێند، و لە ئەسحابەکانەوە رضي الله عنهم فێری دین دەبون کەچی ئەو کردەوانەیان هیچ سودێکی پێ نەدەگەیاندن، چونکە ئیمان بەتەواوەتی نەچوبووە دڵیانەوە، تەنها بەدەم و زمان موسوڵمان بوون بۆیە لە پێناسەیاندا پێغەمبەرﷺ دەفەرموێت: (لَا يُجَاوِزُ حَنَاجِرَهُمْ). واتە ئیمانەکەیان لەقورقوڕاگەیان تێناپەڕێت.

## گومانی دوازدەیەم

دەڵێن خۆ لە ڕۆژی دواییدا خەڵك داوای فریاکەوتن لە پێغەمبەران دەکەن یەك لە دوای یەك (آدم، نوح، إبراهيم، موسى، عيسى)عليهم سلام، هەموو بیانوو دەهێننەوە تاکو دێنە لای پێغەمبەری خۆمانﷺ، ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە کە داوای فریاکەوتن (الاستغاثة) لە غەیری خوا نابێت بە هاوەڵدانان.

## وەڵامی گومانی دوازدەیەم:

بزانە کە داوای فریاکەوتن لە دروستکراوەکان بەمەرجێك ئەو یارمەتییە لە توانایاندا بێت ئاساییە، وەك خوای گەورە لە چیرۆکی موسا پێغەمبەرداU دەفەرموێت: ﴿فَٱسْتَغَٰثَهُ ٱلَّذِى مِن شِيعَتِهِۦ عَلَى ٱلَّذِى مِنْ عَدُوِّهِۦ ﴿١٥﴾﴾ [ القصص] واتە: ئەوی هاوڕەگەزی خۆی بوو، دژی کاورا نەیارەکە هانای پێ برد.

وە ئەو خەڵکەش لە ڕۆژی دواییدا داوای فریاکەوتن لە پێغەمبەرانە ناکەن تاکو پێغەمبەران خۆیان ناڕەحەتیان لەسەر کەم بکەنەوە، بەڵکو داوای یارمەتیان لێدەکەن کە شەفاعەتیان بۆبکەن خوای گەورە

ئەو سزایەیان لەسەر کەم بکاتەوە، بێ گومان جیاوازیەکی زۆریش هەیە لەنێوان ئەو دو داواکاریەدا، کەواتە ئەو داواکاریەیان دروستە هەروەك چۆن ئەسحابەکان داوایان لە پێغەمبەر دەکرد کاتێك لەژیاندا مابوو کە دوعایان بۆ بکات، بەڵام لە دوای وەفات کردنی ئەوە هەرگیزاوهەرگیز نەچونەتە سەر قەبرەکەی و داوای دوعای لێبکەن، بەڵکو پێشینە باشەکانمان(السلف الصالح) نکۆڵیان لەوەش کردووە کە لەلای گۆڕەکەیدا لە خوا بپاڕێینەوە چجای پاڕانەوە لە خۆی؟

چونکە لە ڕاستیدا هیچ ڕێگرییەك لەوەدا نییە کە بچیتە لای پیاوباشێك و داوای لێ بکەیت کە دوعات بۆ بکات، بەڵام بەمەرجێك ئەویش نەکرێت بە بەشێك لە دین و هەمیشە کەسێکی پیاوباشی بینی یەکسەر بڵێت دوعای خێرمان بۆ بکە، پێشینانمان بەو شێوەیەیان نەکردووە، بۆ ئەوەی پشت نەبەسترێت بە دوعای کەسانی جگە لە خۆی، چونکە وەك زانراوە هەرکەسێك خۆی بۆ خۆی بپاڕێتەوە لە خوا و داوای پێداویستیەکانی لێبکات ئەوە زۆر لە دوعای کەسانی تر باشترە بۆی چونکە دوعا پەرستنێکە و مرۆڤ پێی لە خوا نزیك دەبێتەوە.

## گومانی سیازدەیەم

دەڵێن: لە چیرۆکی بەسەرهاتی ئیبراهیم پێغەمبەرداU کە فڕێدرایە ناو ئاگرەکەوە، جوبرائیل هاتە لای و گوتی (أَلَكَ حَاجَةٌ؟) هیچت پێویست نییە؟ لەوەڵامدا فەرموی: (أَمَّا إِلَيْكَ فَلاَ.) نەخێر هیچ پێویستیەکەم بەتۆ نییە. ئەمە دەبێتە بەڵگەی ئەوەی کە داوای فریاکەوتن لە جوبرائیل هاوەڵدانان نییە، چونکە ئەگەر وابوایە ئەوا جوبرائیل وای پێ نەدەگوت.

## وەڵامی گومانی سیازدەیەم:

بزانە کە جوبرەئیل شتێکی بە ئیبراهیم گوتووە کە لە توانایدا بێت پێی هەڵسێت، چونکە ئەگەر خوای گەورە فەرمانی بە جوبرەئیل بکردایە ئەوا ئیبراهیمی ڕزگار دەکرد، چونکە خوای گەورە توانایەکی زۆری داوە بە جوبرەئیل، وەك چۆن لە قورئانی پیرۆزدا وەسفی دەکات بە: ﴿عَلَّمَهُۥ شَدِيدُ ٱلْقُوَىٰ ۝٥﴾ [ النجم]

واتە: فرشتەیێ فرە توانا فێری کرد.

بۆیە ئەگەر خوای گەورە فەرمانی پێ بکردایە کە ئاگرەکە و چی لە دەوریدایە هەڵبگرێت و فڕێیدا بۆ ڕۆژهەڵات یان ڕۆژئاوا ئەوە بێگومان دەیتوانی بیکات، یا ئەگەر خوای گەورە فەرمانی پێ بکردایە ئیبراهیم پێغەمبەرU هەڵبگرێت و بیبات بۆ شوێنێکی دوورەدەستی بێباوەڕەکان ئەوە بێگومان دەیتوانی بیکات، یا خوای گەورە فەرمانی پێ بکردایە هەڵیبگرێت و بیبات بۆ ئاسمان ئەوە بێگومان دەیتوانی. ئەمەش لەوە

دەچێت کە کابرایەکی دەوڵەمەند بێت بۆلای کەسێکی هەژارو پێی بڵێت: پێویستت بە پارە نییە؟ ئیتر ئایا بە قەرز بێت یان پێی ببەخشێت یان بەهەر شێوەیەك بێت، جا بێگومان لە توانایدا هەیە بۆیە ئەگەر کابرای هەژار بڵێت بەڵی پێویسم پێیەتی شتێك پارەم بدەیتێ، ئەمە هیچ کاتێك بە هاوەڵدانان دانانرێت.

## کۆتایی:

ئیتر کە وەڵامی ئەو گومانانەمان زانی، پێویستە ئەوە بزانیت کە مرۆڤ دەبێت یەکخواناس(موحد) بێت بە دڵ و زوبان و کردەوەکانی، جا هەرکەس بڵێت یەکخواناسم تەنها بەدڵ بەڵام بەدەم و بەکردەوە وانەبێت، ئەوا ڕاست ناکات لەو بانگەشەیەیدا، چونکە یەکخواناسین بەدڵ، کردار و گوفتاری لێدەخوازێت، چونکە پێغەمبەرمانﷺ دەفەرموێت: (أَلا وَإِنَّ فِي الْجَسَدِ مُضْغَةً إِذَا صَلَحَتْ صَلَحَ الْجَسَدُ كُلُّهُ ، وَإِنْ فَسَدَتْ فَسَدَ الْجَسَدُ كُلُّهُ ، أَلا وَهِيَ الْقَلْبُ).

واتە: ئەی نازانن کە پارچەگۆشتێك لە لەشی مرۆڤدا هەیە ئەگەر ئەو پارچەیە باشبێت ئەوا هەموو لاشەکە باش دەبێت وە ئەگەر خراپ بێت ئەوا هەموو لاشەی خراپ دەبێت، ئەی نازانن ئەو پارچەیە دڵە؟

جا ئەگەر ئەوکەسە وەکو دەڵێت تەنها بەدڵ یەکخواناس بێت بەڵام بە کردار و گوفتار وانەبێت ئەوە باوەڕبونەکەی وەك باوەڕەکەی فیرعەون وایە، چونکە ئەویش باوەڕی تەواوی هەبوو بەڕاستیەکان و دەیزانین بەڵام لەبەر کەللەڕەقی خۆی هەر لەسەر گومڕاییەکەی خۆی مایەوە و بانگەشەی خوایەتی دەکرد، چونکە دەربارەی فیرعەون خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿وَجَحَدُواْ بِهَا وَٱسۡتَيۡقَنَتۡهَآ أَنفُسُهُمۡ ظُلۡمٗا وَعُلُوّٗاۚ فَٱنظُرۡ كَيۡفَ كَانَ عَٰقِبَةُ ٱلۡمُفۡسِدِينَ ١٤﴾ [النمل]

واتە: هەرچەند لە دڵی خۆیاندا هەموویان بە ڕاست دەزانی، خۆبەزل زانی و ناهەقی، بوونە هۆی حاشا کردنیان. جا بڕوانە پاشەڕۆژی بەدفەڕەکان بە کوێ گەیشت!

هەروەها خوای گەورە دەفەرموێت موسا پێغەمبەر بە فیرعەونی گوت: ﴿قَالَ لَقَدۡ عَلِمۡتَ مَآ أَنزَلَ هَٰٓؤُلَآءِ إِلَّا رَبُّ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ بَصَآئِرَ ١٠٢﴾ [الإسراء]

واتە: گوتی: تۆ خۆت سوور دەزانی ئەم شتانە کەوا زەق لەبەر چاوانن، هەر داهێنەری زەوین و عاسمانەکان ناردوونیە خوار.

وە ئەوەش نابێت بە بەهانە بۆ ئەوکەسانەی لەدڵەوە ڕاستی یەکخواناسی بۆ ڕون بۆتەوە بەڵام لەبەر هەندێك شت ئاشکرای ناکات وەکو ترسان لە دەوروبەرەکەیان، وە ئەوجۆرە شتانە بۆی نابن بە بەهانە لەلای خوای گەورە چونکە پێویستە لەسەر هەمو کەسێك کە ڕەزامەندی خوای گەورە بخاتە پێش ڕەزامەندی هەموو کەسێکەوە، هەرچەندە پێشیان ناخۆش بێت.

**وە زۆربەی سەرانی کوفر ڕاستییان زانیوە بەڵام لەبەر کەللەڕەقی دژایەتیان کردووە، وەك خوای گەورە دەفەرموێت:** ﴿ٱلَّذِينَ ءَاتَيْنَٰهُمُ ٱلْكِتَٰبَ يَعْرِفُونَهُۥ كَمَا يَعْرِفُونَ أَبْنَآءَهُمُ ﴿٢٠﴾﴾ [الانعام]

**واتا: ئەهلی کتێب هەر وەک کوڕەکانی خۆیان باش دەناسن، پێغەمبەریش وا دەناسن.**

**هەروەها دەفەرموێت :** ﴿ٱشْتَرَوْا۟ بِـَٔايَٰتِ ٱللَّهِ ثَمَنًا قَلِيلًا فَصَدُّوا۟ عَن سَبِيلِهِۦٓ ۚ إِنَّهُمْ سَآءَ مَا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ ﴿٩﴾﴾ [التوبة]

واتا: نیشانەکانی خودایان بە نرخێکی هندک فرۆت؛ ئەوسا ڕێگەی خودایان بەست. ئاکاری زۆر خراپ دەکەن.

**وە هەدێك بەهانەیان دەهێنایەوە کە لەلای خوای گەورە ناخوات وەك ترسی لەدەستدانی دەستەڵات و سەرکردایەتی.**

**وە سزای زانینی ڕاستی و کارپێنەکردنی زۆر سەخت ترە لە سزای ئەوەی کە نازانێت، چونکە نەزان چاوپۆشی لێدەکرێت تا ڕاستیەکەی بۆ ڕون دەبێتەوە بە پێچەوانەی خۆ بەزل زانەکانەوە کەڕاستی دەزانن و دژایەتی دەکەن، هەربۆیە جولەکەکان غەزەب لێگیراوبوون** (الْمَغْضُوبِ عَلَيْهِمْ) **چونکە ڕاستیان دەزانی و شوێنی نەدەکەوتن، بەلاّم گاورەکان گومڕابوون**(الضَّالِّينَ) **چونکە ڕاستیەکەیان نەدەزانی، هەرچەندە لە پاش هاتنی پێغەمبەری خۆمانﷺ گاورەکانیش هەر وەك جولەکەکان بون بەغەزەب لێگراو چونکە حەقەکەیان زانی و شوێنی نەکەوتن.**

**هەورەها کارکردن بە یەکخواناسی بەبێ زانیاری و چەسپانی لەدڵدا دەبێتە دوڕوویی**(النفاق) **دوڕوویش لە بێباوەڕی خراپترە چونکە خوای گەورە دەفەرموێت:** ﴿إِنَّ ٱلْمُنَٰفِقِينَ فِى ٱلدَّرْكِ ٱلْأَسْفَلِ مِنَ ٱلنَّارِ وَلَن تَجِدَ لَهُمْ نَصِيرًا ﴿١٤٥﴾﴾ [ النساء]

**واتە: دیارە ئەو کەسانەی دووڕوون، وان لە قاتی هەرەبەرەژێری دوژەهـ.**

**خوا پەنامان بدات،** والله اعلم.

وصلى الله وسلم على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين.